# له ته‌نیاییه‌وه بۆ ژنێكی منگن

## لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ك له‌سه‌ر چیرۆك و به‌رهه‌مه‌كانی شێرزاد حه‌سه‌ن

**ئه‌رده‌ڵان عه‌بدوڵلا**



نووسه‌رو ڕه‌خنه‌گری ئه‌مه‌ریكی جیمس فری ده‌ڵێت: (مه‌رجی سه‌ره‌كیی ڕۆمانێكی سه‌ركه‌وتوو ئه‌وه‌یه، كه بتوانێت خوێنه‌ر بخاته گریان و پێكه‌نین*). كاتێك „ژنه منگنه‌كه”ی شێرزاد حه‌سه‌نم خوێنده‌وه، زۆر به مه‌مۆی قاره‌مانیی ڕۆمانه‌كه پێكه‌نییم. له‌هه‌مانكاتیشدا زۆر بۆ بایزو هه‌مینیی ڕۆمانیی „پێده‌شتی كارمامزه‌كوژراوه‌كان” گریام. هه‌ر ئه‌م پێكه‌نیین و گریانه‌م بوو، وای لێكردم چه‌ند دێرێك، سه‌رنجێك، بۆچوونیی خۆم، ده‌رباره‌ی ئه‌م نووسه‌ره به‌ڕێزه بنووسم. به داخه‌وه ئه‌مڕۆ له كوردستاندا وایلێهاتووه، كه ڕۆمان و چیرۆكی بێگانه (یان وه‌رگێراو)، جێگای به ڕۆمان و چیرۆكی كوردی له‌ق كردووه. ده‌می هه‌ر كه‌سێك ده‌كه‌یته‌وه ده‌ڵێت: (كورد ڕۆمان و چیرۆكنووسی نییه!!). دیاره ئه‌م بێ باوه‌ڕی به‌خۆیه، به‌شێكه له‌و كولتووره سه‌قه‌ته‌ی ڕۆژهه‌ڵات به گشتی و كورد به‌تایبه‌تی، كه پێیان وایه ئه‌وروپاو ئه‌مه‌ریكا، سه‌رچاوه‌ی هه‌موو داهێنانێكی ئه‌ده‌بیی و فكری و سیاسین. ساڵی پار كاتێك گه‌ڕامه‌وه كوردستان، كه‌مێك لای براده‌رێكی كتێبفرۆش دانیشتم، له‌و ماوه‌یه‌ی كه من له‌وێ بووم، خه‌ڵكێكی زۆر ده‌هاتن هه‌واڵی (چیرۆكه‌كانیی عه‌زیز نه‌سین، شیعره‌كانیی شاملوو و ئه‌دۆنییس، ڕۆمانه‌كانیی ماركیز و كامۆ و سارته‌ر)یان ده‌پرسی. وه‌لێ هیچ كه‌سێكم نه‌بینیی، كه هه‌واڵی چیرۆكێك یان ڕۆمانێكی كوردی بپرسێت. هه‌ر ئه‌و براده‌ره‌م پێی وتم (كه چیرۆك و ڕۆمانیی كوردی كه‌س نایكڕێت، خه‌ڵكی ته‌نها شتی وه‌رگێراو ده‌كڕن!!). دیاره له‌م كاره‌ساته‌دا ته‌نها خوێنه‌ر تاوانبار نییه، به‌ڵكه به‌شێكی زۆری نووسه‌رانییش تاوانبارن. له سلێمانیی به‌شێكی زۆری نووسه‌ران پێیان وایه، گه‌ر كه‌سێك كامۆ و سارته‌رو ماركیز نه‌خوێنێته‌وه، نووسه‌ر نییه. هه‌ربۆیه زوو زوو چاومان به لێكۆڵینه‌وه له‌سه‌ر كامۆو ماركیزو.... هتد ده‌كه‌وێت. زۆر ده‌گمه‌نییش لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ك له‌سه‌ر ڕۆماننووسێك یان چیرۆكنووسێكی كورد ببینیین. هه‌رچه‌نده ئه‌م نه‌خۆشییه هی ئه‌مڕۆ نییه، ڕه‌گه‌كانیی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌دان ساڵی له‌وه‌وپێش.

دیاره ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌ی من، ته‌نها له‌سه‌ر كاره ئه‌ده‌بییه‌كانیی شێرزاد حه‌سه‌نه. به حوكمی ئه‌وه‌ی من به هیچ شێوه‌یه‌كی شه‌خسی نایناسم، له‌به‌ر ئه‌وه ناتوانم باسی ژیان یان شته تایبه‌تیه‌كانیی بكه‌م. من هه‌وڵ

دەدەم بە شێوەیەکی گشتی لەسەر چەند بەرهەمێکی ئەم بەڕێزە، سەرنج و بۆچوونیی خۆم دەربرِم. هیوادارم کە خەڵکی تر لەمەی من زیاتر بنووسن.

## چۆن شێرزاد حەسەنم ناسی؟!

سەرەتای ناسینیی من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1994. لە سەرەتای ساڵی 1994دا کۆمەڵەی خوێندکارانیی کوردستان، کۆمەڵێک کۆڕی بۆ چەند نووسەرو ڕووناکبیرێک بەست. یەکێک لەوانە شێرزاد حەسەن بوو. دیارە من پێشتر هیچ بەرهەمێکی شێرزادم نەخوێندبۆوە، بەڵام ناوبانگیم بیستبوو. شێرزاد حەسەن لە کۆڕەکەیدا زۆر شتی شاراوەو بڤەی باس کرد، کە بە ڕاستی زۆر بەدڵم بوو، بەتایبەت مەسەلەی پەیوەندیی کوڕو کچی کورد، مەسەلەی ڕۆڵی سێکس لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە لای منەوە زۆر خۆش بوو. وەلێ کاتێک دەرگای پرسیارو گفتوگۆ کرایەوە، کوڕێکی گەنج پرسیارێکی لە شێرزاد کرد: (ئایا کاک شێرزاد ڕازی دەبێت کچەکەی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا بکات؟!) بەداخەوە شێرزاد نەیتوانیی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوەو زۆر تێکچوو. من زۆرم پێناخۆش بوو، چونکە لەپێشدا باسی ئازادیی گەنجانیی دەکرد، کەچی لە کۆتاییدا وا دەرنەچوو. هەر لەو کاتەوە جیاوازی نێوان قسەی ناو کتێب و واقیعم بۆ دەرکەوت. من لە پاش ئەو کۆڕەوە، ئیتر هیچ ئیهتمامێکم بۆ شێرزاد نەما.

ساڵی 1997 کاتێک گەیشتمە ئەڵمانیا، زۆر بە دوای کتێبێکی کوردیدا دەگەڕام بیخوێنمەوە، بەڵام هیچم دەست نەدەکەوت. باشبوو ئازادی برام، چەند کتێبێکی کوردی هەبوو، توانییم سوودیان لێ وەربگرم. یەکێک لەو کتێبانەی کە ئەوکاتە خوێندمەوە، کتێبی (گوڵی ڕەش) بوو. دیارە من پێشتر وتبووم هیچی شێرزاد ناخوێنمەوە، وەلێ کاتێک چیرۆکی (میم)م خوێندەوە، بۆچوونم بە تەواوەتی گۆڕا. بە ڕاستی چیرۆکی (میم)، زۆر کاری تێکردم، هەر سیحری گەورەی ئەم چیرۆکەش بوو، کە بە جارێک هۆگری بەرهەمەکانیی شێرزاد بوومەوە. لەم ماوەیەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی ترم دەستکەوت، کە سەیرم کرد ئەوانییش خوشک و برای (میم)ن، زۆر جاریش گەر ئەسڵیش نەبن ئەوا (زڕخوشک و زڕبران).

## کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی

کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی، یەکەمین بەرهەمی شێرزاد حەسەنە، کە ساڵی1983 چاپی کردووە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بوون بە پاسپۆرتی شێرزادو بە خوێنەری کوردی ناساند. هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەم چیرۆکانە پێشتر لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانیی بەغدا بڵاوبوونەتەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە 9 کورتە چیرۆک، کە ئەوانییش ئەمانەن:

1. ڕیشۆڵە
2. ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست
3. خوشکەکان
4. ترس
5. لەودیو دەرگا ئاسنیینەکەوە
6. بێوەژن
7. گرێ
8. تەنییایی شەوێکی باران
9. شاعیر.

بە گشتی چیرۆکەکان، بە شێوازێکی ئێجگار ئەدەبیی پڕ لە فەنتازیا نووسراون، کە خوێنەر هەست بە بێتاقەتی ناکات. لەم کتێبەدا، شێرزاد چەند باسێکی گرنگ و حەساسی وروژاندووە. تەقەی لە دەرگاکانیی (سێکس و دەروونناسی و کێشەی ژن..) داوە.

## چیرۆکی بێوەژن

(پەنجا ساڵی تەمەن...چی کرد؟ چی بکا..؟ هەموو ژیانیی وەک مۆمێک بۆ کوڕەکەی داگیرساند.. لەم دواییەدا پیرەمێردێکی زۆر هاتن و داوایان کرد.. ئاخۆ شیاوە دوای ئەم تەمەنە درێژە جلە ڕەش و خمدارییەکەی دابکەنێ..؟ ناشێ... بیری کەوەتەوە.. شەوێکیان کوڕەکەی چی پێکرد.. زانییبووی مامە عەبەی توتنچی داوای کردووە.. هەر ئابڕووی برد... کوڕەکەی هەر دەینەڕاند:

» شەرم ناکا.. بە پیری خۆی تەڕ دەکاتەوە...؟!

## "چیرۆکی تەنییایی"

دیارە مەسەلەی چەوسانەوەی ژن، هەموو کاتێک یەکێک بووە لە تەوەرە گرنگەکانیی ئەدەبیی کوردی. وەلێ شێرزاد لەم چیرۆکەیدا، بە شێوەیەکی زۆر ئەدەبیی جوان، باسی ژیان و چەوسانەوەی ژنێکی بێوەژن دەکات. کە ئەم ژنە لە پاش مردنیی مێردەکەی شووناکاتەوەو هەموو هیواو تەمەن و ژیانیی خۆی دەکاتە قوربانیی کوڕەکەی. کەچی پاش ئەوەی کوڕەکەی گەورە دەبێت، نایەڵێت دایکی شووبکاتەوە. شێرزاد لەم چیرۆکەدا، زۆر شارەزایانە دەرگا داخراوەکانیی ژیانیی بێوەژنەکانمان بۆ دەکاتەوەو بە شێوەیەکی زۆر ئەدەبیی و ڕەخنەگرانە باسی ژیانیی بێوەژنەکان لە کومەڵی کوردەواریدا دەکات. هەر لە ڕێگای ئەم چیرۆکەشەوە، هەوڵدەدات ڕەخنەی

توند ئاراستەی کۆمەڵێک عادات و تەقالیدی دواکەوتووی کوردی بکات. هەر لە ڕێگای ئەم چیرۆکەشەوە، خۆی دەخاتە ناو دەریای زوڵم و زۆری پیاوسالاری کوردو هەوڵدەدات ئەم چیرۆکەی بکاتە بەلەمێک و ژنیی کورد لە خنکاندن ڕزگاربکات.

## بێوەژنەکەی شێرزاد و بێوەژنەکەی نەجیب مەحفوز




چەند ساڵێک لەمەوپێش، ڕۆمانێکی نەجیب مەحفوزم خوێندەوە بە ناوی (سراب). دیارە ئەم ڕۆمانەی مەحفوزیش، باسی ژیانیی بێوەژنێکی میسری دەکات، کە چۆن خۆی دەکاتە قوربانیی کوڕە بچووکەکەی و شوو ناکاتەوە. کاتێک کوڕەکەی کەمێک گەورە دەبێت، پیاوێک دێتە داخوازیی، ئەویش حەز دەکات شووی پێبکات، وەلێ کوڕەکەی خۆی توڕە دەکات و ناهێڵێت دایکی شوو بکاتەوە. هەرچەند سەیر دەکەم، ئەم بێوەژنەی شێرزادیش، زۆر لە خزمی نزیکی بێوەژنەکەی مەحفوز دەچێت.

## گوڵی ڕەش

گوڵی ڕەش، دووەمین بەرهەمی شێرزاد حەسەنە. چاپی یەکەمی ساڵی 1988 بووە. واتە پاش پێنج ساڵ بە دوای کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی چاپکراوە. گوڵی ڕەش بریتییە لە شەش کورتە چیرۆک:

1. گوڵی ڕەش
2. گوناهی سپی
3. من و قالەو سەگەکەی پافلۆف
4. ڕەنگاڵە
5. میم
6. زەلکاو

بەهەمان شێوەی تەنیایی، مەسەلەکانیی (سێکس، کێشەی چینایەتی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و نەخۆشییە دەروونییەکان) خۆیان دووبارە دەکەنەوە. وەلێ ئەم چیرۆکانەی، زۆر بە شێوازێکی ئەدەبیی بەرز نووسراون. لەهەمانکاتیشدا، ئەو بابەتانەی کە خراونەتە دەریای ئەم چیرۆکانەوە، زۆر گرنگ و بەنرخن. دەتوانم بڵێم کە شێرزاد لە ڕێگای ئەم کتێبەوە ناوبانگی دەرکرد. لەم چیرۆکانەدا دوو بابەتی گرنگ خۆیان زەق کردۆتەوە. یەکەمیان بیری ئایدۆلۆژیی چەپ (کۆمۆنیستی). دووەمیان نەخۆشیی دەروونیی و زانستی سایکۆلۆژیا. کە یەکەمیان لە چیرۆکی ,,میم"دا دەردەکەوێت، دووەمیشیان لە چیرۆکی ,,من وقالەو سەگەکەی پافلۆف"دا، دەردەکەوێت.

## چیرۆکی میم

نالێم خانوەکەم... من ئێستاش ڕقم لە پیتی ,,میم_ە.م..م...م..

ئای کە بێزم لەو میمەیە. میمی پاشگر، گەر بۆم بکرێ

لە زمانیی کوردیدا نایهێڵم... هەڵی دەگرم..

بروخێ میم... ئەو هۆکارانەش کە ئەم

پیتەیان خولْقاند. ئەم میمە.

تا بڵێی پیتێکی ئێسک

گران و ناشیرینە.

بە تایبەتی کە

بە دوای ناوەوە

دێ.

بە ڕای من لە نێو هەموو زمانەکاندا هەر ناشیرینە..

هەی دوو هەزار ملیۆن تف لە میمە......

هەر ئەم میمانە بوون پاڵیان بە منەوە نا کە هۆگری نووسینەکانیی شێرزاد بم. لەم چیرۆکەدا شێرزاد، شۆڕشێکی گەورە دژی سیستەمێکی نامرۆڤی دەکات. ئەم چیرۆکە ڕاپەڕینێکە لە دژی ئەقڵیەتێکی کۆنیی دووهەزار ملیۆن ساڵی. خۆپیشاندانێکی ئازادە دژی پەروەردەیەکی

سەقەتی کۆمەڵگا. خەباتێکی مەزنە، دژی مێژوو، فەلسەفە، سیاسەت، مۆراڵە پیسەکانیی ناو کۆمەڵگا.

شێرزاد لەم چیرۆکەدا، دەبێتە شۆڕشگێڕێک و بە قەڵەمەکەی، شۆڕش دژی ناعەدالی دەکات. وەکو جەنگاوەرێک، شەڕێکی پیرۆز دژی زوڵم و زۆری خاوەنیی (میم)ەکان دەکات. شێرزاد بە زمانێکی شیرینیی ئەدەبیی، دەیەوێت سوێرترین و ناشرینترین وشەی زمانیی کوردی لەناو بەرێت، وەکو بابایەکی بەئەزموونییش، لە ترس و کارەساتەکانیی ئەم نەخۆشیی (میم)ەمان پێ ڕادەگەیەنێت. وەکو دکتۆرێک، کۆمەڵگا لە ئاکامەکانیی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە ئاگادار دەکاتەوە.

وەلێ بەداخەوە شێرزاد لە پاش ئەم میمە، نەیتوانیی (میم)ێکی تری هاوشێوەی بنووسێت. هەر لێرەشەوە کاریگەریی ئایدۆلۆژیا بەسەر نووسەرەوە دەبینیین. بە بڕوای من شێرزاد کاتێک لە کۆڵانیی هەژارو زەحمەتکێشەکانیی „کۆراوە"ی هەولێر بوو، هەستی بە دەردەسەری و ئازارو مەینتیەکانیی خەڵکی گەڕەکەکەی دەکرد. زۆر لە نزیکەوە دیاردەو نەخۆشییەکانیی دەبینیی. وەلێ کاتێک ئەو کۆڵانەی بەجێهێشت و، خۆی کرد بە گەڕەکی (پۆست مۆدێرنییزم!)دا، تەنها خانوی مۆدێرن و خەڵکی مۆدێرنیی بینیی. هەر ئەمەش بووە هۆی، دوورکەوتنەوە لە جیهانیی میم.

## ڕۆمانیی پەروەردەی هەستیارانەی فلۆبیرو میمی شێرزاد

فلۆبێر ڕۆماننووسی گەورەی فەرەنسا، پاش شکستەکانیی ساڵی 1848، ڕۆمانێکی مەزنیی بە ناوی: "پەروەردەی هەستیارانە" نووسی. ئەم ڕۆمانە باسی ژیانیی دوو گەنجی فەرەنسی دەکات، کە چۆن یەکەمجار باوەڕیان بە بیری ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەیە، کەچی پاشان هەردووکیان دەبنە موچەخۆری دەوڵەت و تەنانەت یەکێکیان دەبێتە فەرمانداریکی دڵڕەق لە جەزائیر. لەو ڕۆمانەدا فلۆبێر باسی ڕووداوەکانیی پاش 1848 دەکات، کە چۆن کاری کردە سەر تەواوی ژیانیی فەرەنسییەکان. هەر لەو ڕۆمانەدا، زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر، دەوڵەمەندو سیستەمی سەرمایەداری. فلۆبێر دەڵێت: زۆر ڕقم لە وشەی „موڵکەکەم، موڵکەکەت" دەبێتەوە. بەدەستم بێت ئەو وشەیە لەناو دەبەم.

پێدەچێت ئەم میمەی شێرزادیش، هەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵقوڵابێت.

## من و قالەو سەگەکەی پافلۆف




گەر ئەو سەرخۆشە لەعنەتییە، پێڵاوی پێی چەپی دابکەندبا، من دەمێک بوو نامەی ماجستێرەکەم خوێندبۆوە.

ئەم چیرۆکە باسی خوێندکارێکی زانکۆ دەکات، کە بۆ ماجستێر دەخوێنێت. لە یەکێک لە هۆتێلە هەرزان و ناخۆشەکانیی بەغدا دەژی. لە سەرو ژوورەکەی ئەمەوە، سەرخۆشێک دەژی. هەموو شەوێک کە ئەم سەرخۆشە دێتەوە، پێڵاوی چەپی دادەکەنێت و بە توندی دەیکێشێت بە زەویدا و ئینجا دەخەوێت.

خوێندکارەکەش لەسەر ئەم ڕەوشتە سەیرەی سەرخۆشەکە، ڕادێت و بەبێ ئەوە، خەوی لێ ناکەوێت. وەلێ لەو شەوەی کە بۆ بەیانیی کاتی خوێندنەوەی نامەکەیەتی، سەرخۆشەکە پێڵاوەکەی داناکەنێت و ئەمیش خەوی لێ ناکەوێت. بۆ بەیانییش نامەی ماجستێرەکەی لە کیس دەچێت.

شێرزاد لەم چیرۆکەیدا، هەوڵی داوە زانستێکی وشکی دەروونناسی، بە زمانێکی شیرینیی ئەدەبیی سادە بنووسێتەوە. زۆر شارەزایانە، کاریگەریی بیردۆزەکەی زانای گەورەی ڕووسی (پاڤلۆڤ)، لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەردەخات. هەروەک شێرزاد خۆشی لە پاشکۆی

چیرۆکەکەیدا دەڵێت:

(ئەم چیرۆکە کەمتازۆر پەیوەندی بە ڕوانیین و تیۆرەکانیی پاڤلۆڤ و فرۆیدەوە هەیە... بە ڕادەی یەکەم ویستومە چیرۆکی حاڵەتێکی سایکۆلۆژی لێ دەربچێ نەک تواندنەوەی تیۆرە سایکۆلۆژییەکان... لاپەڕە123).

شێرزاد زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ پاڵەوان و ڕووداوەکاندا کردووە. زۆر شارەزایانە چیرۆکەکەی بە تیۆرەکەی پاڤلۆڤەوە بەستۆتەوە. هەروەک خۆشی بەم شێوەیە باسی دەکات:

قالە = پاڤلۆڤ

من = سەگەکەی پاڤلۆڤ

پێڵاوی چەپی قالە= داگیرساندنیی گڵۆپی ژوورەکەی پاڤلۆڤ

تەپەی پێڵاو = پارچە گۆشتەکەی پاڤلۆڤ

خەوتنیی قالە = لیکی دەمی سەگەکە

خەوتنیی من = تێربوونیی سەگە برسییەکە

بۆ یەکەمینجار لە مێژووی ئەدەبیی کوردیدا، شێرزاد توانیی، بە شێوازێکی ئەدەبیی شیرین، باسی زانستێکی گرنگ بکات. لە ڕێگای چیرۆکێکەوە، توانیی یەکێک لە تیۆریە مەزنەکانیی زانستی دەروونناسی (سایکۆلۆژی)، بە خوێنەری کورد ئاشنا بکات. شێرزاد هەوڵی داوە ئەدەب و زانستی دەروونناسی تێکەڵاو بکات. کە ئەم کارەش هەروا ئاسان نییە، بەڵکە شارەزایی و توانای خۆی دەوێت.

## حەسارو سەگەکانیی باوکم

حەسارو سەگەکانیی باوکم، یەکەمین ڕۆمانیی شێرزاد حەسەنە. هەرچەندە زۆر سەیرە لە بەرگی پێشەوەی کتێبەکە نووسراوە (کورتە ڕۆمان). لە لاپەڕەی یەکەمیش نووسراوە (کۆمەڵە چیرۆک). لە بەرگی پشتەوەش بە ئینگلیزی نووسراوە (Novelette). باشتر بوو کە لەسەر ناوێک خۆی ساخ بکردایەتەوە. بەهەرحاڵ من ناوی ئەم بەرهەمە دەنێم کورتە ڕۆمان، چونکە زیاتر دەچێتە ئەو قاڵبەوە. ئەم بەرهەمە پاش 7 ساڵ لە کارکردن هاتۆتە بەرهەم و 13ساڵیش پاش یەکەمین بەرهەمی (تەنیایی) هاتووە.

ئەم کورتە ڕۆمانە، باسی باوکێکی ملهوڕو دیکتاتۆر دەکات، کە تا بڵێیت بە شێوەیەکی دیکتاتۆری و نامرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ و ژنەکانیی دەکات. لە لایەکی تریشەوە تا سەرئێسقان لەناو زەریای شەهوەتبازی و سێکسدا نوقم بووە.

هەر پیاوە لە حەساری خۆیدا پێخەمبەرە...

لاپەڕە...28.

ئەم پیاوە بە جارێک کۆمەڵێک ژنیی هەیەو هەر هەمووشیانیی لە زیندانێکی گەورەدا، زیندانیی کردووە. هەر ئەم حاڵەتەش وا لە کوڕە گەورەکەی دەکات، کە ئەم باوکە دڕندەیەی بکوژێت و کۆتایی بە حوکمی عورفی و دیکتاتۆری بهێنێت و چرای سەردەمێکی ئازادو سەربەستی هەڵبگیرسێنێت. وەلێ پاش کوشتنیی باوکی، بە جارێک شیرازەی خێزانەکە تێکدەچێت و بە تەواوی پەرتەوازەو بەڕەڵا دەبن. زڕدایکەکانیی دەگەڕێنەوە بۆ لای مێردو دۆستە کۆنەکانییان، کە پێشتر بە زۆر باوکی لێی سەندبوون. خوشکەکانیی هەر شەوەی دەچنە باخەڵی پیاوێکەوە. زلێخاو سارای خوشکی، خۆیان فڕێ دەدەنە باخەڵی زێوانێکی شەلەوە، براکانییشی لەسەر میراتی شەڕ دەکەن، ئەمیش تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی گەورە دەبێت و هەتا کۆتایی ژیانیی بەو دەردەوە دەتلێتەوە.

دیارە ئیلهامی ئەم ڕۆمانە، لە یەکێک لە تیۆرەکانیی فرۆیدەوە هاتووە. (گرێی، ڕق لە باوک). هەرچەندە فرۆیدیش، ئیلهامی ئەم تیۆریەی لە مێژووی کۆنیی میسرەوە بۆ هاتووە. چونکە لەو سەردەمەدا باوک کوشتن لە نێوان فیرعەونەکاندا هەبووە. بەهەرحاڵ، ئاساییە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریشدا، ئەم جۆرە گرێ دەروونییانە هەبن. کاتی خۆی بەشێکی زۆری خێزانیی کوردی، لە یەک ژووردا دەنووستن. ئیتر زۆرجار ڕێککەوتووە کوڕ لە خەو ڕاپەڕیوەو باوکی لە پەنا دایکیدا بینییوە. ئەمەش تووشی ئەو گرێیەی کردووە. دیارە زۆر جاریش ئەو شێوە باوکە ملهوڕانە بوونییان هەبووە لە خێزانیی کوردیدا، واتە ئەوەی شێرزاد باسی کردووە، تا ڕادەیەک ڕاستییەکی تاڵی ناو کۆمەڵگای کوردییە.

ئەم ڕۆمانە بە جارێک چەندین بابەتی گرنگ و حەساسی وروژاندووە. نووسەر بە هەردوو دەستی، بە قایمی تەقە لە دەرگا گەورەو بۆرەکەی،سیستەمی باوکسالاری دەدات و دەیەوێت بیڕوخێنێت. هەوڵ دەدات بە هەموو شێوەیەک، ئەو باوکە دیکتاتۆرانەی، کە دەبنە زاڵم بەسەر منداڵەکانییانەوە بکوژێت. لەهەمانکاتیشدا خۆی وەکو فریادڕەسێک بۆ منداڵ و ژنیی کورد پیشان دەدات. جگە لەوەش دیسانەوە مەسەلەی سێکس زۆر بەزەقی دەردەکەوێت. شێرزاد زۆر ئەدەبییانە، باسی ڕۆڵی سێکس لەسەر کوڕو کچ (نێرو مێ) نووسیوە.

(براکانم نەبا کێری ڕەپییان چەتر هەڵداو درەنگ بنیشێتەوە... لاپەڕە 40

بەلقیس؛ ئەگەر پیاوێکم هەبێت هەموو شەوێک

دەیخەمە نێو تەشتێک ئاوی شلەتێن و دەیشۆم...

ئەی تۆ زەینەب. سێ ژەمە سمێڵی دەکرۆژم...

ئەی تۆ شیرین. منییش ناهێڵم دەست لە هیچەوە بدا... وەک ئاوێنە دایدەنێم و بەرامبەری دادەنییشم.. لاپەڕە. 95)

## کاریگەری باوکی شێرزاد

شێرزاد وەکو خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کوردستان تیڤی باسی کردووەو بە ڕاشکاوی دانیی پێدا ناوە، باوکێکی خراپی هەبووەو هەڵسوکەوتی زۆر باش نەبووە لەگەڵیدا. لەهەمانکاتیشدا باوکی کابرایەکی قومارچی بووە، زۆرجار زوڵمی لەمان کردووە*. ئاساییە زۆرجار نووسەر ئەو کەسانەی کە دەیانناسێت، دەیانکاتە پاڵەوانیی چیرۆکەکانیی. من پێموایە هەر ئەمەش وای کردووە شێرزاد ئەم ڕۆمانە بنووسێت.

## موبالەغەو شتی دژوار

ئەوەی جێگای سەرنجم بوو لەم بەرهەمەدا، بە جارێک کۆمەڵێک موبالەغە و شتی ناواقیعیی زۆر باسکراوە. من پێموایە زیاد لە پێویست، باسی دیکتاتۆریی باوکی کردووە. پیاو کاتێک کە ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، دەڵێیت مێژووی ستالین دەخوێنییتەوە. زۆر شت نووسراوە، پێویستی نەدەکرد وا بنووسرێت.

خوشکەکانم قەفی درێژی قژیانیی بە شیشی ژەنگاویی پەنجەرەکانەوە بەستبۆوە، نەبا بە نییوە شەو بە خۆیان نەزانن و بە دەم خەوەوە لەتاو بۆنیی پیاوان، دەست لە ملی ئەسپەکانیی باوکم بکەن.. لاپەڕە 33

کوشتنیی زوهرە چونکە لەگەڵ ئەسپ نووستوە. واتە سێکسی لەگەڵ ئەسپ کردووە. لاپەڕە 34.

زیندانیی کردنیی زێبای خوشکی، چونکە لە سەربان بە ڕووتی سەمای کردووە. هەر بۆیە باوکی حوکمی ئەبەدیی بۆ دەرکردووە...لاپەڕە 36.

زولەیخا لە خۆشیا دەمرێت، کاتێک لەسەر قەبران سێکس لەگەڵ زێوان دەکات...لاپەڕە 18...

ئەمانە هەمووی موبالەغەیەکی نادروستن و زۆر دوورن لە واقیعەوە.

مارەیی ڕابێ تورەیەک لیرە و سێ ئەسپی کەوێت و بیست مانگا و سێ مامز و سەد مەڕو سەگێکی هەوشار.. ل.56.

کەی مارەیی ژن هێندە بووە؟! پاشان خۆ کابرا سوڵتانیی عوسمانیی یان هارونە ڕەشید نەبووە، تا ئەم هەموو سەروەت و سامانەی هەبێت. دەڵێت؛ لە حەسارەکەدا مەیمونییش بەخێودەکران.. لاپەڕە80.

ئاخر کەی یان لە کوێ دیوتانە، لە کوردستاندا مەیمون بەخێو بکرێت؟؟!! یان دەڵێت پشیلەکانیی دەخەساند (بە دەمی گازی لە گونییان دەگرت). کەی پشیلە خەسێنراوە؟؟!!. یان کە دێتە سەر مردنیی سارای خوشکی، دەڵێت گوایە لە خەویا باوکی هاتۆتە خەوی و کوشتویەتی.. لاپەڕە128. ئەمەش ناچێتە عەقڵی هیچ کەسێکەوە. خۆ ئەم ڕۆمانە، باسی ئەفسانەو حکایەتی کۆن ناکات، ئیتر نازانم بۆچی نووسەر هانای بۆ شتی ناواقعی بردووە؟!. من وەکو خوێنەرێک، زۆر ئەم شتانە هیلاک و بێتاقەتی کردم.

کاوە جەلال دەڵێت:

لە چیرۆکی (حەسار)دا ڕوانگەی ڕیاڵ هەڵگیراوەو کات و شوێن لە فۆنکسیۆنە ئاساییەکەیاندا هەڵوەشێنراونەتەوە: نە مرۆڤ بە شوێنەوە بەندە و نە کات ڕەوتێکی ئاسایی دەگرێتە بەر. بێگومان دەتوانیین ئەم پەیوەندییە لەتەک خەودا بەراورد بکەین، بەڵام ئەنجامدانە هونەرییەکەی (حەسار) جیایە لە خەو، واتە چیرۆکەکە گێڕانەوەی خەونێک نییە بۆ خوێنەر**.

کاتێک مرۆڤ چیرۆکەکەی (حەسار) دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات کە حیکایەتی ڕۆستەمی زاڵ دەخوێنێتەوە. چونکە چیرۆکەکە لە واقیعەوە دوورە.

## ناوی زۆر و بۆر

لەم ڕۆمانەدا شێرزاد کۆمەڵێک ناوی ژنیی ڕیز کردووە. دەتوانم بڵێم زۆرترین ناوی لەم ڕۆمانەدا سەرفکردووە. ئەم ناوە زۆرانەش سەریان لە خوێنەر شێواندووە.

زوهرە..ل. 34

زێبای خوشکم. ل 36

ئەختەری خوشکم ل.88

ئافتاوی خوشکم ل.89.

سارای خوشکم 107.

زولەیخای خوشکم ل.18

بەلقیس، شیرین، زەینەب. خوشکم ل 95.

کەچی ناوی یەک کوڕیان ناڵێت.،ئەمەش زۆر سەیرە.

لە ژنەکانییشدا ناوێکی زۆری نووسیوە.

زێرین ل80.

مریەم.ل 74.

ئایشێ 78.

حەبێ. بەهێ، خازێ، ل.50

ڕابێ ل 56.

من پێموایە کە ئەم هەموو ناوانە، جگە لە سەرلێشواندن هیچی تر سوودیان نییە. سەیر ئەوەیە شێرزاد لە زۆربەی بەرهەمەکانییدا، زۆر کەم ناو بەکار دەهێنێت، کەچی لە (حەسار)دا، زیاد لە دەرزەنێک ناوی نووسیوە. پێدەچێت ویستبێتی هەق بکاتەوە. وەلێ بە گشتی ئەم کورتە ڕۆمانە، سەرەتاییەکی باش بووە، بۆ کارەکانیی تری.

## پیرە پەپولەکانیی ئێواران

پیرەپەپولەکانیی ئێواران، دوا بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکی شێرزاد حەسەنە. لە پاش ئەم بەرهەمەوە، ئیتر وەرزی سەوزی ڕۆمان دەست پێدەکات. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ساڵی 2004، چاپی یەکەمی کراوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بریتییە لە 6 چیرۆکی کورت.

1. پیرە پەپولەکانیی ئێواران.
2. گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان.
3. ماڵێک لە ئاو.
4. مارلین.
5. کودەتای کەروێشکەکان.
6. تابلۆیەکی ناتەواو.

زۆر سەیرە ئەم کتێبە فەهرەست (ناوەرۆک)ی نییە!! خوێنەر ناچارە خۆی بە دوای چیرۆکەکاندا بگەڕێت، ئەمەش بە بڕوای من، هەڵەیەکی جوان نییە.

شێرزاد لەم بەرهەمەشدا، جارێکی تر کۆمەڵێک بابەت و مەسەلەی حەساس و گرنگی وروژاندووە. وەکو هەموو جارێکیش هەوڵی داوە، چەند پرسیارێک بخزێنێتە ناو مێشکی خوێنەرەوە. مەسەلەکانیی (سێکس و پەیوەندییە نامۆکانیی نێوان ژن و پیاو، خۆشەویستی، هەژاری و بێدرامەتی، نەخۆشی).

لەڕووی فۆرم و شێوازی دەربڕین و زمانەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی تازە نابینیت. دیسانەوە زمانیی پەخشان و شیعر، بە زۆری خۆیان بەسەر چیرۆکەکاندا سەپاندووە.

## پیرەپەپولەکانیی ئێواران

ئەم چیرۆکە باسی ژیانیی یەکێک لە توێژە هەژارەکانیی ناو کۆمەڵگای کوردی دەکات. باسی پیشەیەکی گرنگ و حەساس لە لایەک، قێزەون و ناشرین لە لایەکی تر. ئەم چیرۆکە باسی تراژیدیای خەڵکی (کەناس، زبڵڕێژ) دەکات. شێرزاد لەم چیرۆکەدا هەوڵی داوە، باسی ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییە بکات، کە ئەو خەڵکانە تێیدا دەژین. هەڵسوکەوت و کاردانەوەی خەڵکی، بەرامبەر بەم توێژە یان ئەم پیشەیە. بەداخەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا چەند پیشەیەک لەخۆڕا بوونەتە عەیبە. یەکێک لەوانەش پیشەی زبڵڕێژییە. خەڵکی هەموو کاتێک دادو هاواریانە بەدەست زبڵ و پاشەڕۆوە، کەچی لەهەمانکاتیشدا، ئامادەنیین بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری ئەو خەڵکانە بکەن، کە لە زبڵ و پاشەڕۆکانییان ڕزگاریان دەکات. زۆر سەیرە خەڵکی وا هەیە لە کوردستاندا پێی شەرمە کاری کەناسی بکات، کەچی کاتێک دەگاتە ئەوروپا، مەمنونە گەر بە کەناس وەری بگرن!!.

(گەر دەتەوێ لە خولْق و ئەتواری خەڵکی تێبگەی.. وەرە وەک من سەیری تەنەکەی زبڵ و زاریان بکە.. سەیری پاشەڕۆک و گەندو گویان... کوڕی خۆم.. فێربە.. دونییا زبڵخانەیەکی زۆر گەورەیە.. گەر گەرەکتە لێی حاڵی بیت.. برۆ ناوی و لوتت مەگرە.. ل.6)

حاڵەتێکی گرنگ یان خاڵێکی مەزنیی تر کە شێرزاد باسی کردووە، مەسەلەی میراتگەری پیشەی هەژارییە، لە باوکانەوە بۆ کوڕەکانییان. چونکە باوکی زبڵڕێژە، ئەمەیش دەبێتە زبڵڕێژ، ئەمەش کارەساتی چینە هەژارەکانیی کۆمەڵگایە.

(منم پاکترین خولڕێژی شارەکەت، من نەک هەرخۆم.. بگرە باوکیشم پتر لە سی ساڵ زبڵڕێژی ئەم شارە بوو، ئەوەیان میراتەو بە تایفە بۆ من ماوەتەوە...ل 3)

## „پیرە پەپولەکان”ی شێرزاد و „بۆخۆیی”ی موحەرەم محەمەد ئەمین

مامۆستا موحەرەم محەمەد ئەمین، یەکێکە لە قەڵەمە بەتواناکانیی چیرۆکی کوردی، کە لە ساڵانیی شەست و حەفتاکاندا، چەندین چیرۆکی جوانیی نووسیوە. دەتوانیین بڵێین، یەکێکە لە مامۆستاکانیی چیرۆکی کوردی. لە کۆمەڵە چیرۆکی (ئادەمیزاد) کە لە ساڵی 1969 لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانیی چاپی کردووە. چیرۆکێکی جوانیی بەناوی (بۆخۆیی) نووسیوە. ئەو چیرۆکە باسی ژیانیی کوڕێکی زبڵڕێژی شاری سلێمانیی دەکات. زۆر بە جوانیی کاردانەوەو هەڵوێستی خەڵکی لە بەرامبەر ئەو پیشەیە نووسیوە.

هەرچەند سەیر دەکەم، کوڕە زبڵڕێژەکەی شێرزاد، لەگەڵ کوڕە زبڵڕێژەکەی موحەرەم محەمەد ئەمین، زۆر لە یەکەوە نزیکن، هەر دەڵێیت کوڕی یەک گەرەکن!.

## گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان.

لەم چیرۆکەدا شێرزاد بە توندی ڕەخنە لە سیستەمی تەندروستی بەگشتی و نەخۆشخانەکان بەتایبەتی

دەگرێت. بە شێوەیەکی زۆر ئەدەبیی بەرز، هەوڵی داوە، ئەو پەیوەندییە ناپێکوپێکەی نەخۆش و کارمەندانیی نەخۆشخانەکان (دکتۆرو سیستەرو یاریدەدەری پزیشک.. هتد)، بخاتە جێگای پرسیارو ڕەخنەوە.

وەڕسی و بێزاری لە خەون و خولیای درۆ، لە دەرمان و دەرزی، لە بینینیی مەرگی سەدەها هاوەڵ، لە ژوانیی ژنە مردووەکان... لە ژەهرەوە بیگرە تا دەگاتە خۆخستنە خوارەوە لە سەربان، زوو زوو چنگێک حەبیان لەدەست یەکێک وەلا دەدا... ئەو وەختەی ژنێک بە باڵایەک لە گڕەوە بەنێو قاوش و ڕاڕەوەکاندا دەسوتاو گاری دەدا، پیاوان لەخەو ڕادەچەنیین و توخمی ژنییان بە نەفرەت دەکرد، کە نازانن چۆن خۆبکوژن... ل 30

بە درۆی هەناسە هەڵمژینیی پاک خۆمان لە قاوشەکانیی ژن و کچەکان نزیک دەخستەوە.. ل31

نەخۆش ئەو کەسە بوو کە بێ داوو دەرمان، بێ دەرزی، بێ گریان بنوێ، بێ خەونیی ناخۆش و نرکەو ناڵەو پڕخاندن... هەندێ شەو لەسەر پڕخاندن و ناڵەو هاوارو گرانیی نەخۆشەکان دەبێ بە شەڕو تا بەیانیی کەس ناسرەوێ.. ل 32

ئەم چیرۆکە باسی ژیانیی منداڵێکی بێکەس دەکات، کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانیی شاردا فڕێ دەدرێت. منداڵەکە جگە لەوەی کە بێکەسە، لەهەمانکاتیشدا سەقەتە، هەر بۆیە بە ناچاری هەر لەوێش پەروەردەو گەورە دەبێت.

## سەرنجێک

ڕاستە لە کوردستاندا سیستەمی خزمەتگوزاری زۆر خراپە. زۆر تەواوە گەر بەڕاشکاوانە بڵێین، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خراپترین سیستەمی خزمەتگوزاریمان هەیە. منداڵان بەگشتی و بێکەسەکان بەتایبەتی، وەزعیان زۆر زۆر خراپ و ناخۆشە. وەلێ لەهەمانکاتیشدا چەند دەزگایەکی تایبەت هەن، کە ئیهتمام بە منداڵی بێکەس دەدەن. هەرچەندە زۆر لاوازو خراپیشن. دیارە گەر دەزگای حکومیش نەبێت، ئەوا هەر دەزگایەکی ناحکومی پەیدادەبێت. لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، کە منداڵێکی بێکەس، لە نەخۆشخانەیەکدا بژی. چونکە شتی وا ڕێی تێناچێت. بە بڕوای من چۆنێتیی دارشتنیی ئەم چیرۆکە، زۆر دوورە لە لۆژیکەوە. باشتر بوو پاڵەوانێکی تری دروستبکردایە، یان لە جیاتی نەخۆشخانە، باسی دەزگایەکی تری بکردایە.

## ماڵێک لە ئاو

ئەم چیرۆکە باسی کارەساتێک دەکات کە بەسەر دوورگەیەک دێت، ئەویش کەمیی شوێن بۆ ئەو خەڵکە زۆرەی دوورگەکەیە. هەر بۆیە دەبێت ساڵانە چەند کەسێک فڕێ بدرێنە ئاوەکەوەو ببنە قوربانیی، بۆ ئەوەی ئەوانیی تر بژین.

سەرۆک خێڵ: ئێوە هەر هەمووتان دەزانن کە ئێمە لەم دوورگەیەدا گیرمان خواردووە، چەند ساڵ جارێک ژمارەمان زیاد دەکا، وا ئەمساڵیش وەک نەریتی باوو باپیران مەرجە هەندێکتان ئامادە بن و ببنە قوربانیی خواوەند، ئاواش نەبێ نە خۆراک بەشمان دەکاو نە ئەو خاکەی لە سەری دەژین، وەک جاران هەندێکتان دەخەینە نێو بەلەمێک و بێ سەوڵ دەتاندەین بە دەم ئاوەوە... ل 55.

دیارە یەکەمین کەسیش کە دەبێتە قوربانیی، کوڕو کچێکی عاشق دەبێت. یەکەمجار کوڕەکە فڕێ دەدەنە ئاوەکە. پاشان کچە خۆشەویستەکەی، ئەویش خۆی بەخت دەکات و خۆی فڕێ دەداتە ئاوەکەوە.

کەوتە دوای بۆنیی جێماو.. کەوتە دوای تامی فرمێسکەکانیی کورەی لەوەند... شوێن پێیەکانیی.. بەو ئومێدەی کە لە ژێر دەریادا بەیەک بگەن... ل57.

دیارە لەم چیرۆکەدا شێرزاد دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ: کە یەکەمین شت لەم وڵاتەدا کە دەکرێتە قوربانیی، عیشق و خۆشەویستییە. دەیەوێت بڵێت، کە خۆشەویستی چەندە بە چاوێکی سوک و بێ بایەخەوە سەیر دەکرێت. وەلێ لەهەمانکاتیشدا، پێمان دەڵێت، کە هەموو کاتێک خۆشەویستەکان (عاشقەکان)، ئامادەن گەر لەسەر زەویش بەیەگ نەگەن، ئەوا لەژێر زەوی بەیەک بگەن.

شێرزاد باسێکی گەورەی وروژاندووە، وەلێ بەداخەوە زۆر بەکورتی وازی لێهێناوە. ئەم چیرۆکە کورتترین چیرۆکی ئەم کتێبەیە. ئاخر باسێکی گرنگی ئاوا، چۆن بە لاپەڕەو نیویەک باس دەکرێت؟!.

بە بڕوای من دەبووایە زۆرتری لەسەر بنووسایەو کەمێک باسەکانیی چڕتر بکردایەتەوە.

## پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، دووەمین ڕۆمانیی شێرزاد حەسەنە، ساڵی 2001 چاپی یەکەمی کردووە، پاشانییش چاپێکی تری کردۆتەوە. ئەم ڕۆمانە داستانێکی خۆشەویستی دوو کەسە، دوو ڕۆحی پاک و بێگەردی دەشتی هەولێر. چیرۆکی خۆشەویستیی لاس

و غەزاڵێکە، حەسەن و مریەم، خەج و سیامەندێک، دواجاریش لاوکێکەو داستانە خۆشەویستیەکەی مەم و زینمان بیر دەهێنێتەوە. کە ئەمانییش وەکو هەموو خۆشەویستییەکانی کوردستان، تووشی چەندین کێشەو گیروگرفت دەبن. لاس و غەزاڵەکەی شێرزادیش، دیرۆکی پڕ شەرمەزاریی ئاغاو دەرەبەگەکان پیشان دەدات و چۆن دەبنە چەتەو ڕێگر، لەم دوو فریشتەیە. ناچار بایزو هەمینییش وەکو دو پەپولە گوندە جوانەکەیان جێ دەهێڵن و بەرەو شارە پیرەکە بەڕێ دەکەون. وەلێ بەداخەوە، ئەو شارە پیرەش نەیتوانیی ببێتە لانکەیەک بۆ دو جوتیاری هیلاک و ماندووی پێدەشتەکانیی.

پاش ئەوەی سی ساڵ لەم شارەدا بە برسێتیو هەژاری دەژین. بایز خەریکی ڕاوە ڕێشۆڵەیەو هەمینیی ژنییشی خەریکی کارەکەریی ماڵە دەوڵەمەندو ئاغاکانیی شار دەبێت. هەرچەندە زۆر هەژارو بێدرامەتیشن، وەلێ زۆرخۆش دەژین، گەورەترین ئینەرجی ئەم ژیانە خۆشییەیان، ئەو ئاگری خۆشەویستییەیە، کە چەندین ساڵە لە ناخیاندا وەکو بوورکانێک ماوەو هەموو ساردو سڕیی ژیانییان گەرم دەکاتەوە. هەرچەندە لە خۆشیی منداڵ بێبەشن، لە خۆشیی ژیان مەحرومن، کەچی هەر عاشقی ژیانن. بەداخەوە لە یەکێک لە شەوە تاریک و باراناوییەکان، هەمین لە بایز بزر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی چارەڕەشی و کۆتایی ژیانیی هەردوکیان.. بایز




هەر کۆڵ نادات و بەدوایدا دەگەڕێت، وەکو شێت بەسەر جادەو کۆڵانەکاندا هاوار دەکات؛

(هەمین ئەتو لە کوێی، لە کوێی). خەڵکی نامەردو نامرۆڤیش ئەم جەستە ماندووە، دەکەنە جێگای قەشمەری و گاڵتەی خۆیان. بە جەستەی ماندوو، کارەساتەکەی بایز، دڵی نەخۆشی خۆیان گەرم دەکەنەوە.

چاکتر وایە بەسەر قەڵادا هەڵبگەڕێی، لەوێ لافاوی (نوح)یش هەڵسێ تۆ ناگرێتەوە. ل 147

هەموو بەیانییەک لەم وەختەدا لە باوەشی گەرمی هەمینێ دەهاتیتە دەر، وای لەو باوەشە، دەبێ بەهەشت هەر باوەشی گەرم و پڕ سۆزی ژنێکی وەک هەمین بێ، هەمین ئەگەر لەوێ بەهەشتی بووم حەفتا حۆریکە بەتو ناگۆڕمەوە.. ل 148

ئەو شتەی کە بە لای منەوە زۆر گرنگ بوو، شێرزاد توانیویەتی لەم ڕۆمانەیدا، حاڵەت و وەزعی ژیانیی ئەو خەڵکانەی کە تووشی نەخۆشی دەروونیی دەبن، دەر بخات. لەهەمانکاتیشدا ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤی و نامەردانەی کە خەڵکی لەگەڵ شێت و نەخۆشەکان دەیکەن. بە ڕاستی شێرزاد زۆر شێرانە ئەو حاڵەتەی دەرخستووە. ئەو هەڵسوکەوتە پڕشەرمەزارییەی کە خەڵکی لەگەڵ مرۆڤی شێت دەیکات، تا ئەوپەڕی درندایەتییە. هەرچەندە خۆی بە پێی زانست وشەی (شێت) وشەیەکی نادروستە و، نازانستیە، چونکە هەموو مرۆڤێک تووشی نەخۆشی دەروونیی دەبێت.

کە لەسەر جادەو ناو کۆڵانەکان دەردەکەوتی سەد منداڵ بەیەکەوە، سەدەها گەنجی ملهوڕو تۆلازی بێشەرەف بەیەکەوە هاواریان دەکرد ئەوەتا هەمین.. هەبوو دەستی بەناو گیرفانییدا دەکردوو دەیوت هانێ ئەوەتا هەمین... هەبوو سەرسەرییانە دەستی بۆ ناوگەڵی دەبردو دەیوت: هانێ هەمین.. هەندێ لە دوکاندارانیی سمێڵ بابڕ دەستیان بۆ قونیی خۆیان دەبردو دەیانوت: ئەوەتا هەمین.. بە تووە گشت شێتەکانیی شاریان بە نەفرەت دەکرد..ل195.

ڕۆژێکیان خاوەنیی جوانترین کۆگای شار، کە لاوێکی قۆڵ ئەستوور بوو، بەرزەفتی کردیت و بە بەرچاوی سەدەها کەس و ڕێبواری تیژتێپەڕو پۆلیسەوە دەمتی پڕکرد لە وردە شوشەی شکاوی جامخانەکەی و هەردوو لاڕومەتی تۆی بە زللە ئاگر دەداو هەڕەشەی لێ دەکردی کە ئەگەر وردە شوشەکان نەجووی بەرت نادات، دەیوت: مەگەر دەروێش نییت، هەر هەمووان، بە پۆلیسەکانەوە، قاقا پێدەکەنیین.. زللەیەک و دوو...دە.. تۆش، لە ترسانا کەوتیتە شوشە جاوین، پاشان لێی دەدایت و

دەیوت: ئەوجا هەنوکە بڵێ: هەمین.. هەمین... تۆڵازێکی لەو کەرتر تۆی گرت و هەرەشەی لێ کردیت کە بە زنجیر دەتبەستێتەوە گەر بە پێی پەتی بەسەر وردە شوشەکاندا هەڵنەپەڕیت.. هەڵپەڕین بە مەرجی خوێن لێ هاتن.. ل196

کاتێک کە ئەم ڕۆمانەم دەخوێندەوە، زۆر زۆر گریام. بە ڕاستی ئەو هەڵسوکەوتە وەحشی و بەربەریانەی، کە خەڵکی لەگەڵ شێتەکان دەیکەن، زۆر ئازاری دام. دیارە لە کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، هەڵسوکەوتی ئێجگار خراپ و بەربەریانە لەگەڵ شێتەکان و نەخۆشەکان دەکەن. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر وایە.

بایز بەم حاڵەتە وەحشییەش هەر ڕازییە، کەچی خەڵکی شارە پیرەکە وازی لێ ناهێن و دەیانەوێت لە شار دەری بکەن، چونکە وەزعی لێ تێکداون!!.

ئاسمانیی شار پڕ بوو لە دەنگە دەنگ و قەرەباڵغی، ئەو هاتوو هاوارە دەرژایە ناو کۆڵانەکان و حەوزەکان و سەربانەکان و سەر جادەکان، دەرژایە سەر گمەزو منارەکان، لەوە دەچوو یەک شار ڕاوکردنیی شێتەکانیی کردبێ بە بیانو تاوەکو شێتی و هاربوونی خۆی فڕێ بداتە ناو هەواو سەر جادەکان، کوشتنیی سەگەکان بکا بە بیانو تاوەکو ئارەزوویەکی کوشندەو خوێناوی خۆی لە خوێنڕشتن تێر بکات. ل203/204

هەزار کەس بە یەکەوە هاواریان دەکرد (ئەرێ وەڵا خۆیەتی.. دەروێشە) ئیدی تۆ ئەوەندەت پێ کرا بەرلەوەی ئەو ئاپورەیە دەستی بتگاتێ ڕابکەی، ل 205.

لە دواتەوە هەر هەموو هاواریان دەکرد: (هەمین ئەوەتا دەروێش، بگەڕێوە).. نەتدەزانیی سەیری کام لا بکەیت،، بە چوار چاو دەتڕوانیی، ل206.

ڕاوە بەراز.. ڕاوە ئاسک.. ڕاوە کەروێشک.. ڕاوە سمۆرە.. هەموو جۆرە ڕاوێکت بیستبوو.. بەڵام ڕاوە مرۆڤ؟..نەخێر.. ل 211

ئیتر ئەمە دیرۆکی چەندینساڵەی شارێکی پیرە، کە زۆر زەحمەتە هەروا بە شەوو ڕۆژێک بگۆڕدرێت. بایزی ماندوو، بە ناچاری لەم شارەدا لەگەڵ سەگ و شێتەکانیی تر ڕاو دەکرێت و ڕەوانەی یەکێک لە شێتخانەکانیی بەغدا دەکرێت و ئەمەش دواهەمین قۆناغی ژیانیی بایز دەبێت.

حەزی هەمین و حەیرانە کوژراوەکان، لاوکە بە ئێش و بریندارەکان، هەر هەموویان خستە نێو دڵتەوە.. شارێک کە کۆنە جوتیارێکی نەحەواندەوە. ل 217

شارێک کە بە درۆ دروستکرابێ، شارێک لە شارەکانیی نێو حەکایەتە کۆنەکان کە پیرەژنێکی ددان کەوتوو وەسفی بکات، قەڵاکەی لەسەر ئێسک و پروسکی هەژاران بێ و.. منارەکەشی کەللەسەری عاشقەکانیی... ل218.

## چەند سەرنجێک

دیارە ئەم ڕۆمانە چیرۆکێکی خۆشەویستییە، کە بەڕاستی شێرزاد زۆر ئەدەبییانە داستانەکەی گێڕاوەتەوە. بەداخەوە ئەم کاروانیی مەرگی عاشقانە، هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. هەتاوەکو ئەمڕۆش، جەستەی ژن و کچان، دەکرێتە گۆڕەپانێکی خوێناوی، بۆ ئەوەی پیاوان بێشەرەفی خۆیانیی تێدا دەربخەن.

## زمان

بەکارهێنانیی شێوە زاری دەشتی هەولێر، شتێکی جوانە. عەبدوڵڵا پەشێو لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیی چەندین وشەی جوانیی دەشتی هەولێری بەکار دەهێنێت، وەلێ لەهەمانکاتیشدا فەرهەنگۆکێک بۆ ئەو وشانە دادەنێت. دەبوایە شێرزادیش فەرهەنگۆکێکی دابنایە، چونکە بە ڕاستی زۆر وشە هەیە خوێنەری ناوچەکانیی تر لێی تێناگەن. من بەشبەحاڵی خۆم، وەک هۆرامییەک بە هەزار حاڵ شێوەزاری (سلێمانیی) فێر بووم، زۆرکەم شارەزاییم لەو شێوەزارەی دەشتی هەولێرێ هەیە. ناچار بۆ هەندێک وشە پرسم بە چەند برادەرێکی هەولێری دەکرد. یەکێک لەو وشانە کە هەر سەرم لێی دەرنەدەچوو، زۆر ئازاریشی دام، وشەی (قەپرەچ) بوو. چەند برادەرێکی هەولێری نەبایە، هیچ کاتێک لەمانای ئەم وشە قورسە تێنەدەگەیشتم.

## ئایا ئەم ڕۆمانە پێشتر حەیران نەبووە؟!

دیارە حەیران وەک ژانرێکی موزیکی کوردی، لە پێدەشتەکانیی هەولێر زۆر بڵاوە. بەشێکی زۆری ئەو حەیرانانە چیرۆکی خۆشەویستی و دیرۆکی ناوچەکەیە. دیارە بە حوکمی ئەوەی جاران خەڵکی خوێندەوار زۆر کەم بووە، خەڵکی لە ڕێگای حەیرانەوە، چیرۆک و دیرۆکی خۆیان تۆمارکردووە. ئەم ڕۆمانەی شێرازدیش حەیرانێکی پێدەشتی هەولێرە. تەنانەت لە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەشدا، دەقە حەیرانەکانیی وەکو خۆی نووسیوەتەوە. وەلێ بەداخەوە شێرزاد چ لە پێشەکی یان لە پاشەکیدا، هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکات، کە لە حەیرانێکەوە ئەم ڕۆمانەی نووسیبێت. بە بڕوای من دەبوایە شێرزاد ئاماژەی بەو سەرچاوەیە بدایە، چونکە ئەمە شتێکی نادروستە، تۆ ڕۆمانێک سەرچاوەکەی حەیرانێک بێت، کەچی باسیشی نەکەیت. بەداخەوە

شێرزاد ئەمەی نەکردووە، کە دەبوو ئاماژەی بەوە بدایە، کە سەرچاوەی ئەم ڕۆمانە حەیرانێکی هەولێرە.

## ئایا ئەم ڕۆمانە درێژکراوەی چیرۆکی ڕیشۆڵە نییە؟!

لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی، یەکەم چیرۆکی ناوی (ڕیشۆڵە)یە. ئەم چیرۆکە باسی ڕاوچییەک دەکات، کە ڕاوە ڕیشۆڵە دەکات، کابراش ناوی دەروێش بایزەو ژنەکەشی ناوی هەمینە. بە بڕوای من، ئەم ڕۆمانە درێژکراوەی ئەو چیرۆکەیە، چونکە هەمان بابەت و باسە، تەنانەت ناوەکانییش هەر هەمان ناون، هیچ شتێکی وا نەگۆڕاوە. من ئەمە یەکەمین جارە شتی وابیبنم، کە چیرۆکێک، پێشتر بە کورتە چیرۆک نووسرابێت و پاش چەند ساڵێکی تر لە لایەن هەمان نووسەرەوە بکرێتە ڕۆمان. دیارە چیرۆکی ڕیشۆڵە کە ساڵی 1977 نووسراوە، ساڵی 1983 چاپ کراوە، ڕۆمانیی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، ساڵی 2001 چاپکراوە. وەلێ گەر خوێنەر بە وردی هەردووکیان بخوێنێتەوە، هەر زو هەست دەکات، کە هەردوکیان لە یەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە. بەداخەوە شێرزاد هیچ ئاماژەیەکیش بەم حاڵەتە نادات.

## تراژیدیا

ڕاستە ئەم ڕۆمانە داستانێکی خۆشەویستییە، وەلێ بەداخەوە زۆر بەشێوەیەکی تراژیدیانە نووسراوە، بەتایبەت لە کۆتایەکەیدا زۆر تراژیدیە. نەدەبوو هێندە بەو ڕەشیە ئەم داستانە بنووسرایە. من بەشبەحاڵی خۆم، لە کۆتایی ڕۆمانەکدا هەر دەگریام، هەرچی ئازارو مەینەتییەکانیی ژیانیی خۆم هەبوو، هەموویانم بیر دەکەوتەوە، تێر تێر دەگریام. خوا خوام بوو گەرچی زووترە ئەم ڕۆمانە تەواو بکەم، کۆتایی بەم حاڵەتە تراژیدیایە بهێنم.

بە بڕوای من شێرزاد زۆر ڕەشبینانە ئەم ڕۆمانەی نووسیوە، لە زۆر شوێندا زیاد لە پێویست نوکی قەڵەمەکی ڕەش کردۆتەوە. هەر ئەم ڕەشبینییەش خوێنەر تووشی ناڕەحەتی و بێتاقەتییەکی زۆر دەکات. من پێموایە مادام بابەتەکە شتێکی ڕۆمانسییە، دەبێت ڕۆمانسیانەش پاڵەوان و ڕووداوەکان دابڕێژێت، چونکە شتی ڕۆمانسی تایبەتمەندیی خۆی هەیەو تراژیدیاش ڕێچکەی خۆی هەیە. شێرزاد هاتووە بابەتێکی ڕۆمانسی بە زمانێکی تراژیدیایانە نووسیوە. وای کردووە داستانەکەی بەدەستی خۆی کوشتووە.

## خەونیی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن

خەونیی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن، دوابەرهەمی شێرزاد حەسەنە، کە ساڵی 2006، لە چاپخانەی ڕەنج چاپکراوە. ئەم بەرهەمە بریتیە لە دوو کورتە ڕۆمان (نۆڤلێت) بە هەردووکیان 204 لاپەرەی بچووک دەبن. خەونیی جاڵجاڵۆکەکان 98 لاپەڕەیە. بۆ ئەم بەرهەمەی، لە ساڵی 2001ەوە بۆ 2006 خەریکی بووە، واتە پێنج ساڵی پێ چووە.

خەونیی جاڵجاڵۆکەکان، باسی پیاوێک دەکات، کە بەهۆی چەندین کێشەی منداڵی و ئێستایەوە تووشی چەند نەخۆشیەکی دەروونیی بووەو شەوانە خەونیی ناخۆش دەبینێت. هەر ئەم خەونە ناخۆشانەشی ژیانیی بە تەواوی هەژاندووە. لە یەکێک لە شەوەکانیی هاویندا، چیرۆکی یەکێک لە خەونە ناخۆشەکانیی بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە. وەک خۆی باس دەکات، کە گوایە لە خەویا بۆتە جاڵجاڵۆکەو هەر لە خەونەکەیدا ژنەکەشی بۆتە جاڵجاڵۆکەو ئەمی خواردووە. دیارە سروشتی جاڵجاڵۆکە وایە، کە مێینەکەی پاش ئەوەی لەگەڵ نێرینەکەدا جوت دەبن، ئینجا دەست دەکات بە خواردنیی. شێرزادیش بە جوانیی، باسی چۆنێتیی بوونیی بە جاڵجاڵۆکەو چۆنێتیی خواردنیی لەلایەن ژنەکەیەوە، بەشێوەیەکی بەرزی ئەدەبیی نووسیوە.

لەم نۆڤلێتەدا شێرزاد دوا ترۆپکی فەنتازیای خۆی بەکارهێناوە. هەوڵیداوە بە چەندین ڕستەو وشەی ئەدەبیی جوان، نۆڤلێتەکە بڕازێنێتەوە.

„هەژاری واتە ژیان لەگەڵ مارو مێروو.. ل 12

ئەو کاتانەی تامی فرمێسک لێ ناگەڕێ بزانیین تامی لێوان چۆنە..ل 34.

## ورژاندنیی چەند باسێک

(ئەوەی خەونەکانمی پتر شێواند حەکایەتە ترسناکەکانیی نەنکم بوو کە بەر لەوەی باڵق بم بە باس و خواسی جەهەنەم و ئاگری نەکوژاوەی تۆقاندمی، دۆزەخێک کە تیایدا بەقەد ژمارەی گوناهەکانم تێیدا دەسوتێم و بە شیشی گڕدارەوە فریشتەکانیی دۆزەخ تێم دەسرەوێنن و هەزاران جار هەلاهەلا دەبم و نامرم.. ملیۆنەها مێروولەی ئاگر کۆم دەکەنەوەو دەبمەوە بە خۆم دەسوتێم،..ل 12 و 13).

شێرزاد هەوڵی داوە پەروەردەی منداڵان و حەکایەتی ئایینیی بخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە. بە شێوازێکی ئەدەبیی، هەوڵی داوە ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو جۆرە پەروەردە سەقەتە ئایینییە بکات، کە منداڵانیی کورد

پێی پەروەردە دەکرێن. لەهەمانکاتیشدا بوونی حەکایەتی جەهەنەم و سزای خودایی دەکاتە باس و هەر لەم دەرگایەشەوە بوونیی خوداو جەهەنەمەکەی دەخاتە ژێر شک و پرسیارەوە. شێرزاد هەوڵی داوە، کە ئەم شکەش لە بوونیی خوداو جەهەنەمەکەی بە شێوەیەکی ئەدەبیی بخاتە ناو مێشکی خوێنەرەوە.

„ئەرێ دەکرێ خودا لەسەر خواردنیی گوڵەگەنمێک یان سێوێک لە دوو خەڵقەندەی تازە خوڵقاوی خۆی تورەبێت و نەفرەتیان لێ بکات و ڕووەو ئەم سەر زەمیینە فرێیان بدا؟..ل14.

مەسەلەی چۆنێتیی دروستبوونیی مرۆڤ، کە لەلایەن بیری ئایینییەوە پێیان وایە، کە خودا مرۆڤی دروست کردووەو هەموو مرۆڤایەتیش لە ئادەم و حەوا بوون. جگە لە مەسەلەی دروسبوونیی ئادەم و حەوا، مەسەلەی چۆنێتیی خواردنیی سێوەکەو دەرکردنیی ئادەم و حەوا، یەکێکە لە چیرۆکە هاوبەشەکانیی هەرسێ ئایینیی ئاسمانیی (مەسیحی و ئیسلام و جولەکە).

دیارە زۆر کەس شکی لەم چیرۆکە هەیە، وەلێ کاتێک ئەم شکە بە شێوازێکی ئەدەبیی بنووسرێت، تاموچێژێکی تری هەیە. شێرزاد هەوڵیداوە بە شێوازێکی ئەدەبیی شکی خۆی لەسەر بیری ئایینیی دەربخات و، لەهەمانکاتیشدا بە شێوەیەکی ساتیرئاسا ڕەخنە لە حەکایەت و یاساکانیی ئایینەکان بگرێت، جگە لەوەش دیسانەوە سێکس دەبێتەوە میوانیی بەردەوام و هەمیشەیی ئەم نۆڤلێتەی شێرزاد.

## چەند سەرنجێک

لەم نۆڤلێتەدا هیچ هەست بە کات و شوێن ناکەیت. تاکە شوێنێک سەربانیی ماڵێکە نووسەر باسی ڕوداوەکانیی تێدا دەکات. بە نیسبەت (کات)یشەوە نووسەر بە فلاشباگێک باسی منداڵیی خۆیمان بۆ دەکات. فۆرمی نووسین بە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکێکە، کە شێرزاد هەموو کاتێک بەم شێوە فۆرمانە دەنووسێت و بە فۆرمەکانیی تر ناوێرێت. سەرەتای نۆڤلێتەکە دیارە، کەسێک لە شەوێکدا باسی خەونێکی دەکات بۆ ژنەکەی، وەلێ کۆتایی ڕۆمانەکە دیار نییە. ڕۆمانەکە لەنێوان خەونەکەو ڕاستیدا بزر دەبێت. خوێنەر نازانێت باسی خەونەکەیە، یان ڕاستی. لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی زۆر خراپ، نۆڤلێتەکە تێکەڵوپێکەڵ دەبێت. دەتوانم بڵێم کاتێک ئەم نۆڤلێتە تەواو دەکەیت، نازانییت لە کۆتاییدا چی ڕویداوە، ئەم تێکەڵاوییەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەر، خودی خۆشی سەری لێ تێکچووە.

## تەرمی نەناسێکی ئازاد بەرزنجی و خەونیی جاڵجاڵۆکەکان

هاوینی ساڵی 2006 کاتێک گەڕامەوە بۆ کوردستان، برای هێژام کاک ئازاد بەرزنجی، کتێبێکی خۆی پێشکەش کردم بە ناوی (تەرمی نەناسێک) بوو. کە بریتییە لە کۆمەڵێک کورتە چیرۆک، کە ساڵی 2004 چاپکراوە. بە گشتی چیرۆکەکانیی بە لامەوە جوان بوون. یەکێک لە چیرۆکەکانیی ناوی (سیسرک)ە. ئەم چیرۆکە باسی کوڕێک دەکات، کە لە خەون و خەیاڵیدا دەبێتە سیسرک.




هەر سەری ساڵی پار لە یەکێک لە کتێبخانەکانیی ئەڵمانیا، چاوم بە کتێبێکی کافکا کەوت بە ناوی Die Verwandlung. ئەم نۆڤلێتە یەکێکە لە کارە مەزنەکانیی کافکا. ئەم نۆڤلێتەی کافکا باسی کوڕێک دەکات، کە بەیانیی لە خەو هەڵدەستێت، سەیر دەکات دەموچاوی بە جارێک گۆڕاوەو سەری بۆتە گیانەوەرێکی عەجایب.

هەرچەند سەیری خەونەکەی شێرزادیش دەکەم، زۆر لە ئامۆزای خەونەکەی ئازاد بەرزنجی دەچێت و زۆریش بە برازای Die Verwandlungی کافکاش دەکات.

## ژنێکی منگن

نایشارمەوە کە ئەمە یەکەمین بەرهەمی شێرزادە، کە خستمیە پێکەنیین. بە ڕاستی بە شێوازێکی ئێجگار نایاب باسی (مەمۆ)ی قەساب دەکات. ئەم نۆڤلێتە باسی

چیرۆکێکی ڕۆمانسی، حەکایەتێکی خۆشەویستیی نێوان قەسابێک (مەمۆ)، لەگەڵ ژنە گاورێک، (لەیلا)ی دکتۆری ددان دەکات. شێرزاد هەوڵی داوە بە شێوازێکی ئەدەبیی باسی یەکێک لە پیشە قێزەون و ترسناکەکانیی کۆمەڵگا (قەسابی) بکات. کاتێک پیاو ناوی قەسابی بەر گوێ دەکەوێت یەکسەر خەیاڵی بۆ (چەقۆ، خەنجەر، خوێن، کوشتن، بریندارکردن و پیسی) دەچێت، وەلێ شێرزاد وێنەی قەسابێکی ترمان بۆ دەکێشێت. وێنەی کەسێکی ڕۆمانسی، عاشقێکی شێتی بێ سنور، کەسێکی ناسک و هەست جوان، کەسێکی عاشق بە ژیان، جوانپەرستێکی بێسنور. شێرزاد باسی قەسابێکمان بۆ دەکات، کە لەگەڵ کوڕەکەیدا لەسەر مێزێک ئارەق دەخۆنەوەو باسی چیرۆکی دڵداری بۆ یەکتر دەکەن، کە ئەم جۆرە باوکانەش بە گشتی زۆر دەگمەنن، بەتایبەتیش لە نێوان قەسابدا.

(شنەیەک لە شاخەکانەوە بۆنیی کوێستانیی دەهێنا.. ل 105

ئەو پیاوانەی بە مەرجی خۆکوشتن دەیانخواردەوە، فلیمە هیندییەکان خەون خەیاڵی عیشقی لەلا خۆش دەکردین.. ل 111

شەومان پڕ لە حەزو خۆزگەو خەیاڵ، ڕۆژمان پڕ لە ڕەنج و پوچی و سەرگەردانیی. ل 111

پیاوی بێ غیرەت هیچی بۆ نەڕەخسێت، حەز لە کچە دراوسێ دەکات. ل 112

دیارە جگە لە چیرۆکی خۆشەویستی، مەسەلەی سێکس پانتاییەکی زۆر داگیردەکات، کە ئەمەش بۆتە یەکێک لە سیما گشتییەکانیی کارو بەرهەمی شێرزاد.

## تێڕامانێک

(بۆ ئەم شارە کچێکی تێدایە حورمەتی عەقڵ بگرێت؟..ل 113)

ئەم ڕستەیە جگە لە سووکایەتی بە ژنان، هیچ مانایەکی تری نییە. بە داخەوە کاک شێرزاد خۆی بە بەرگریکەری ژنان دەزانێت، نەدەبوو هانا بۆ دەستەواژەیەکی وا نزم ببات.

لەم نۆڤلێتەشدا کۆمەڵێک موبالەغەو شتی ناواقعی زۆری تێدایە، کە باشتر بوو بەو شێوەیە نەبوایە. بۆ نمونە کاتێک باسی خۆفرێدانە خوارەوەی" مەمۆ" بۆ ناو کەلاوەکە دەکات، دەڵێت:

پارچە تەنەکەکان هەر یەکەیان لە دەمە تیغ تیژتر بوون ل143.

ئەی باشە چۆن کابرا لەو هەموو دەمە تیغە ڕزگاری بوو؟! چۆن دەمە تیغێک دڵی کون نەکرد؟!.

دیارە لەم نۆڤلێتەشدا بە هیچ شێوەیەک (شوێن) دیار نییە. نازانییت باسی چ شارێک دەکات؟!. هەرچەندە من وا هەست دەکەم، کە باسی شاری هەولێر بکات. سەیر ئەوەیە باسی شارەکەی لەیلا دەکات، دەڵێت ژنە گاورێکی خەڵکی موسڵە. کەچی باسی شارەکەی مەمۆ ناکات، کە ڕووداوی نۆڤلێتەکەی تێدا ڕووی داوە. جگە لەمەش بە هیچ شێوەیەک باسی (کات) ناکات. نازانییت باسی حەفتاکان یان هەشتاکان دەکات. بە نیسبەت فۆرمی نووسینیشەوە، هەر هەمان فۆرمی پێشووە، واتە بە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکێک، کە بە گشتی ئەمە فۆرمی زۆربەی نووسینەکانییەتی.

سەرەتای نۆڤلێتەکە زۆر درێژە، بۆ نمونە هەتا لاپەڕە 168، هەر پێشەکییەو نووسەر ناچێتە ناو باسەکەوە. کەچی بە پێچەوانەوە، کۆتاییەکەی زۆر کورتەو بە چەند لاپەڕەیەک نووسەر کۆتایی پێ دەهێنێت. کە لەڕاستیدا دەبێت، شێوە یەکسانییەک، لە نێوان سەرەتاو کۆتایی ڕۆماندا هەبێت. بەداخەوە شێرزاد زۆرجار لە ڕیتمی نووسینیی ڕۆمان دەردەچێت و دیسانەوە خۆی دەکاتەوە بە جیهانیی کورتە چیرۆکدا.

## چەند سەرنجێکی گشتی

لەم بەشەدا بە گشتی هەوڵ دەدەم بۆچوونیی خۆم و چەند نووسەرێکی تر لەسەر شێرزاد حەسەن و بەرهەمەکانیی دەرببڕم. پێم خۆشە بە شێوەیەکی گشتگیرانە ئەو بابەت و باسانەی کە شێرزاد لە چیرۆکەکانییدا نووسیویەتی، شرۆڤەیەکی کورتیان بکەم.

## شێرزاد حەسەن و مەسەلەی ژن

یەکێک لەو باسانەی کە شێرزاد بە شێوەیەکی تایبەتی درکی پێکردووە، مەسەلەی ژن و چەوسانەوەی ژنانە لە کۆمەڵگای باوکسالاریی کوردیدا. ئەم مەسەلەیە لە یەکەم چیرۆکی (بێوەژن)ەوە دەستپێدەکات. لەم چیرۆکەدا شێرزاد بە شێوەیەکی زۆر شێرانە، هێرش دەکاتە سەر ئەو عادات و تەقالیدانەی، کە ژنیی کوردی پێ دەچەوسێتەوە. هەر لەو چیرۆکەشدا باسی ژن وەکو (مرۆڤێک) دەکات، کە حەزی لە خۆشیی ژیانە، حەز دەکات چێژ لە ئارەزوە مرۆڤیەکانیی ببینێت، ئاواتەخوازە ببێتە خاوەنیی جەستەی خۆی. لەم چیرۆکەدا سەیر دەکەیت، کە ژن نەک تەنها باوک و براو مێرد دەیچەوسێننەوە، بەڵکە کاتێک کوڕیش کە گەورە دەبێت، زۆر بێ شەرمانە دایکی دەچەوسێنێتەوە. زۆرجار لە ڕۆژنامەکاندا دەبیستین، کە

کوڕێک پاش ئەوەی لە دایکی خۆی داوە، دەشیکوژێت. زۆرجار بەناوی شەرەفەوە، کوڕ دایکی کوشتووە.

## گۆڕانیی بۆچوونیی شێرزاد بەرامبەر بە ژن

ئەوەی کە جێگای سەرنجە، شێرزاد لەو بەرهەمانەی کە لە پاش ڕاپەڕینەوە نووسیویەتی، هەڵوێست و بۆچوونیی بەرامبەر بە ژن دەگۆڕێت. لە پاش ڕاپەڕینەوە، شێرزاد لە زۆربەی نووسینەکانییدا تەنها لە ڕوانگەی (سێکس)ەوە بۆ ژن دەڕوانێت. لە زۆربەی نووسینەکانییدا ژن دەبێتە تاکە شوێنیی حەوانەوەی ئارەزووە سێکسییەکانیی پیاو. گەر سەیری ڕۆمانەکانیی حەسارو پێدەشتی کارمامزەکان و ژنە منگنەکە بکەین، شێرزاد تەنها باسی (پوزی خڕو سپی، سنگی نەرم، مەمکی قوت، دەنگێکی منگن) دەکات. ئیتر بە چەندین شێوە وەسفی مەمک و سمت و پوزی ژن دەبینییت. (دوو شەمامەی ژێر کراس، جۆگەی مەمەکان، ڕانیی نەرم...هتد). زۆر جاریش وەسفەکانیی زۆر ناشرینن، بۆ نمونە لە ڕۆمانیی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، ژن بە کارمامز دەشوبهێنێت، یان لە ژنە منگنەکە، چەندین جار ژن بە (ئەسپەژن، بەرخ، گوێرەکە، کارمامز، ئاسک...هتد) چەندین ئاژەڵی تر، دەشوبهێنێت، کە پیاو حەزی لە گۆشتەکەیەتی.

زۆر جار باسی (ئارەقەی ژنان) دەکات. من نازانم ئارەقکردنەوە شتێکی پیسە، گەر ژنێک بۆنیی ئارەقەی بێت، هیچ کاتێک پیاو حەزی لێ ناکات، مەگەر تەنها ئەو پیاوانەی کە زۆر (سوتاون بۆ سێکس). بە بڕوای من ئەم گۆڕانەش پەیوەندیی بە گۆڕانیی بیرو بۆچوونی تایبەتی شێرزادەوە هەیە. جاران وەکو چەپێک بۆ ژن دەیڕوانی، هەربۆیە ژنیی وەکو مرۆڤێکی چەوساوە دەبینیی و باسی ئازارو مەینەتییەکانیی دەکرد. وەلێ پاش ئەوەی شێرزاد بەرەو پۆستمۆدێرنییم هەڵدێت، ئیتر تەنها لە ڕوانگەی مەسەلە سێکسییەکانەوە بۆ ژن دەڕوانێت.

## چەقین لە نێوان سێکس و فرۆیدیزم

لە ساڵانیی پاش هەرەسەوە، نووسەرانیی کورد کەوتبوونە گێژاوێکی گەورەوە. شۆڕش هەرەسی هێنابوو، بەعسیش هێرشی دڕندانەی دەست پێکردبوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرتن و توندوتیژی زیاتر دەبوو. لەو کاتەدا دەبوایە نووسەریش قسەی خۆی بکردایە. زۆر لەو نووسەرە تازە پێگەیشتوانە بۆ ئەوەی ناو دەر بکەن، دەستیان دابووە شیعری حەماسی و شۆڕشگێڕی، ئەمەش نووسەرە گەورەکانیی تووشی ناڕەحەتی کردبوو، چونکە ئەوان خۆیان نەیاندەوێرا شتی وابنووسن. چەند نووسەرێکیش بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێنەگیرێت، خۆیان فڕێدابووە ناو دەریای فرۆید یان ڕووباری وجودیەت و سارتەرەوە، ئەمەش زیاتر بۆ خۆدزینەوە بوو، لە جیهانیی سیاسەت و هەڵوێست.

یەکێک لەو شتانەی کە شێرزادی پێ ناسراوە، نووسین دەربارەی سێکس و نەخۆشیە دەروونییەکانە. بە تایبەت سێکس، لە زۆربەی نووسینەکانییدا، پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە. دیارە ئەو کاتە مەسەلەی سێکس، بەتایبەت ساڵانیی حەفتاو هەشتاکان، بۆ خوێنەری کورد شتێکی نوێ بوو. هەر بۆیە خوێنەر چێژێکی زۆری لە نووسینەکانیی شێرزاد دەبینیی. وەلێ پاش ڕاپەڕین ئەو باسانە چیتر ئەو ڕەونەق و خۆشیەی جارانیی نەما. دیارە ڕاستە سێکس ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانیی مرۆڤدا هەیە، وەلێ ناکرێت نووسەر تەنها لە ڕوانگەی سێکسەوە بۆ ژیان بڕوانێت. ناکرێت تەنها لە دیدگای سێکسەوە شرۆڤەی کێشەکانیی ناو کۆمەڵگا بکەیت. دیارە شێرزاد زۆر لەژێر کاریگەری فرۆیددایە. ڕاستە فرۆید یەکێکە لە زانا گەورەکانیی سەدەی پێشوو، ڕۆڵێکی گەورەشی هەبووە لە ناسینیی جیهانیی سێکس و کاریگەری سێکس لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ. وەلێ بەداخەوە ئەویش هەموو شتێکی بە پەتی سێکسەوە بەستۆتەوە. من لێرەدا نامەوێت باسی تێزەکانیی فرۆید بکەم، چونکە ئەوە باسی من نییە. دیارە شێرزاد زۆر لەناو دەریای پانیی فرۆیددا نوقم بووەو، زۆر زەحمەتە ڕزگاریشی بێت. ئێستا وای لێهاتووە، بێئەوەی هیچ بەرهەمێکی شێرزاد بخوێنییتەوە، دەزانییت کە سێکس بەشێکی گەورەی بەرهەمەکەی پێک دەهێنێت.

من دەتوانم بڵێم شێرزاد هێشتا لە ساڵانیی هەشتاوە ڕزگاری نەبووە. زۆر زەحمەتە لەو باسانە دەربچێت و ناشتوانێت خۆی لە قەرەی باسەکانیی تر بدات.

## سیاسەت

گەرچی شێرزاد هیچ کاتێک خۆی بە پارتێکی سیاسییەوە نەبەستۆتەوە، ئەمەش تاڕادەیەکی باش سودێک و ڕێزێکی باشی بۆ دروست کردووە. وەلێ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە هیچ کاتێک نابێت نووسەر لەئاست کێشە سیاسیەکانیی ناو کۆمەڵگاکەی بێدەنگ بێت. بەداخەوە شێرزاد لە ئاست کێشە سیاسییە گەورەکان هەمیشە بێدەنگی هەڵبژاردوە. شێرزاد لەئاست مەسەلەکانیی (سێکس و دەروونناسی) زۆر ئازاو شێرە، وەلێ کاتێک بە قەڵای سیاسەتدا تێدەپەڕێت، خۆی گێل دەکات و زۆر شەرمنانە بەلای سیاسەتدا تێدەپەڕێت.

هەتاوەکو ئێستاش شێرزاد نەیتوانیوە ڕۆمانێکی سیاسی بنووسێت. ئەو هەموو کێشە و نەهامەتییە گەورانە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، کەچی زۆر سەیرە شێرزاد ناتوانێت نەک ڕۆمان بەڵکە چیرۆکێکی کورتیش بنووسێت.

## منداڵ

بەداخەوە منداڵ و کێشەکانیی بەشێکی ئێجگار کەمیان لە بەرهەمەکانیی شێرزاد هەیە. جگە لە کورتە چیرۆکی (زەلکاو)، هیچ بەرهەمێکی تری دەربارەی منداڵان نەنووسیوە، کە بە بڕوای من باشتربوو کەمێک ئیهتمامی بەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگا بدایە. هەرچەندە بە ڕاستی لە چیرۆکی (زەلکاو) دا، زۆر بەجوانیی و ئەدەبییانە وەسفی جیهانیی منداڵی کوردی کردووە. ئەوەی کە لەم چیرۆکەدا زۆر بەدڵم بوو، باسکردنیی کێشەی (ترسنۆکیی منداڵان، منداڵبازی، نەبوونیی جیهانیی منداڵان، نەبوونیی یاری و جێگای یاری، نەبوونیی مەلەوانگە، نەبوونیی باخچەی منداڵان، دڕندایەتیی هەرزەکاران و گەورەکان بەرامبەر بە منداڵ، کێشەی مامۆستاو خوێندکار)، کە بە ڕاستی زۆر جوان وەسفی ئەو کێشانەی کردووە. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش منداڵی کورد بەدەست ئەو کێشانەوە دەناڵێنێت و چارەسەر نەکراون. وەلێ بەداخەوە تەنها ئەم چیرۆکە لەو خەرمانە زۆرەی کاک شێرزاد دەبینیین.

## فۆرمی نووسین

بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانیی تەنها بە یەک فۆرمی نووسین نووسیوە، ئەویش فۆرمی گێڕانەوەی چیرۆکە لە زاری کەسی یەکەمی تاکەوە (من). هەرچەندە ئاساییە کە نووسەر تەنها فۆرمێک بەکاربهێنێت، وەلێ نابێت نووسەر فۆرمەکانیی تر فەرامۆش بکات و تەنها خۆی بە یەک فۆرمەوە ببەستێتەوە، ئەم فۆرمەش کە شێرزاد پێی دەنووسێت، زیاتر لە چیرۆکدا بەکار دەهێنرێت. ئەو فۆرمانەی کە بەگشتی ڕۆمانییان پێ دەنووسرێت، شێرزاد ناتوانێت پێی بنووسێت.

## ئایا شێرزاد ڕۆماننووسە، یان هێشتا لە جیهانیی چیرۆکدایە؟!

ڕاستە ماوەی چەند ساڵێکە شێرزاد دەستی کردووە بە ڕۆماننووسین، چەند هەنگاوێکی زۆر گرنگیشی لەو بوارەدا ناوە، وەلێ کاتێک پیاو سەیری فۆرم و باس و بابەتەکانیی ئەم ڕۆمانانەی دوایی شێرزاد دەکات، هەست دەکەیت هێشتا لەژێر کاریگەریی چیرۆک دەرنەچووە. بەشی زۆری ئەو ڕۆمانانەی کە نووسیویەتی، ڕۆمانیی کورتن یان (نۆڤلێتن). کە ئەمانەش زیاتر لە چیرۆکەوە نزیکن تاوەکو ڕۆمان. هەر بۆیە من لەو باوەڕەدام، کە هێشتا شێرزاد چیرۆکنووسە نەک ڕۆماننووس.

## شێرزاد و میدیا

دیارە میدیای کوردی زۆر ئیهتمامیان بە شێرزاد داوە، هەر ئەم ئیهتمامەش وای کردووە، کە شێرزاد لە چاو نووسەرەکانیی تردا بناسرێت و ناوبانگ دەربکات. گەر نووسەرانیی تر، لەڕوی میدیاوە شانسیان کەم بووبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە شێرزاد لەم بوارەدا بەشی شێری هەبووە. دیارە چ میدیای حیزبی (یەکێتی و پارتی)، یان میدیای سەربەخۆ، ئیهتمامێکی زۆر باشیان بە شێرزاد داوە، بەڵام ئایا بۆ نووسەر جوانتر نییە کە خۆی کەم پیشانیی میدیاکان بدات؟! بەشی زۆری نووسەرە مەزنەکانیی جیهان، زۆر کەم خۆیان لە میدیاکاندا دەردەخەن، بگرە هەیانە بە هەموو ژیانییان تەنها یەک دوو چاوپێکەوتنیی ڕۆژنامەوانیی دەکەن، کە دەتوانم بڵێم ئەمەش سیفاتی گشتیی زۆربەی نووسەرە مەزنەکانیی جیهانە. باشترە نووسەر بە بەرهەمەکانیی خۆی بە خوێنەران بناسێنێت. من لەو باوەڕەدام هیچ نووسەرێک هێندەی شێرزاد، عاشقی چاوی ڕەشی کامێراو سنگی سپیی ڕۆژنامەکان نییە. وای لێهاتووە دەبێت هەموو مانگێک چاوپێکەوتنێک بکات، جاری واش هەیە هەفتانە دیمانەی ڕۆژنامەوانیی دەکات.

## شێرزاد و ڕەخنەگران

بە گشتی بەرهەمەکانیی شێرزاد بەسەرکردنەوەیەکی زۆری لەلایەن نووسەرانەوە بۆ کراوە. بەشێکی زۆر زیاتر خەریکی ستایش و پیاهەڵدانیی بوون، وەلێ بەشێکی کەمیش بە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەوە، بەرهەمەکانییان هەڵسەنگاندوە. دیارە چەند کەسێکیش زۆر ناحەزانە، جنێو و قسەی ناشرینییان پێ داوە.

### ئەحلام مەنسور

ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووسی بەتوانا خاتو ئەحلام مەنسور، لەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەسەر کورتە چیرۆکی کوردی کردوویەتی، چەند چیرۆکێکی شێرزادیشی بەسەر کردۆتەوە. خاتوو ئەحلام دەربارەی شێرزاد دەڵێت:

شێرزاد حەسەن: گرێی سێکسی و تەنیایی مرۆڤ لەگەڵ کێشەیەکی گەردوونیی ئەنتۆلۆژی و سایکۆلۆژیی چڕی مرۆییدا بەرامبەر کردۆتەوە ئازادی تەواوی بەخشیوە بە کەسێتییەکان بەپانیی و درێژی و بە ئاشکراو نهێنیی خۆیاندا شۆڕ ببنەوە بۆ دنییای ناوەوەو شاراوەی خۆیان

و بێ سێ و دوو دەمامکەکانییان فڕێ بدەن، کە واقیعی کۆمەڵایەتی و نەریتی کوردەواری و پەروەردەی خەسێنەری لۆژیکی ڕۆژهەڵات سەپاندوونیی بەسەر تاکدا... شێرزاد بە ئاشکرا خاوەنیی زمان و تەکنییک و جیهان و بوونییادێکی تایبەت بە خۆیەتی، لە هەفتاکانییشدا تەنها دەنگە کە نەبۆتە دەروێشی ئایدۆلۆژیاو مینبەری هزری نەتەوەیی و چەواشەگەریی نییشتمانیی لەهۆشبەر..1

## عەتا قەرەداخی

نووسەرو ڕەخنەگر عەتا قەرەداخیش لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر کارەکانیی شێرزاد کردووە، بەتایبەت لەسەر ڕۆمانیی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)، زۆر بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە، ئەم ڕۆمانەی خوێندۆتەوە. بە بڕوای عەتاش، شێرزاد چیرۆکنووسێکی بەتوانایە. وەلێ ناڵێت ڕۆمانووسێکی بەتوانایە. عەتا قەرەداخی دەڵێت:

کاک شێرزاد وەکو چیرۆکنووسێک کە جێگایەکی دیاری هەیە لەسەر پانتایی چیرۆکی کوردی، ناشێت دڵنەوایی بکەین و ڕەنگە لە قازانجی ئەویش نەبێت بەبێ بنەما ئافەرینیی بکەین..2

## کاوەجەلال

نووسەرو ڕەخنەگر کاوە جەلال، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی لەسەر چیرۆکی „حەسار و سەگەکانیی باوکم „ کردووە. بە گشتیش بۆچوونیی خۆی دەربارەی شێرزاد نووسیوە. کاوە جەلال دەڵێت:

ئێمە لە لای شێرزاد حەسەن، لەڕووی داڕشتنەوە، پێیەکمان لەنێو قۆناغی ئەدەبیی ئەیلولدایەو پێیەکمان لە دەرەوەیە،،، ل.101، شێرزاد هەوڵ دەدات „تابووەکان بشکێنێ"، بۆ نموونە شکاندنیی تابووی پیاوەتی (گوڵی ڕەش) و سێکسوالێتی. نووسەر پیاو لەنێو داماوییەکاندا نییشان دەدات نەک وەک مەزنێکی نەشیاوی هەڵەو لێپرسینەوە. ئەم جۆرە ئەدەبەی شێرزاد حەسەن وای کردووە کە مایەی ترس بێ، گەرچی بەئاشکرا دەرنابڕێ یان بەدەگمەن دەردەبڕدرێ. کەچی نووسەر بۆ بڕێکی فرەی گەنجانیی ئەدەبدۆست وەک زمانحاڵ دەردەکەوێ. ل 102..3.

## دوا وشە

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ شێرزاد حەسەن دەخوازم. ئاواتەخوازم کە قەڵەمەکەی زیاتر بنووسێت، باخچەی ئەدەبیی هەمیشە سەوز بێت. هیوادارم بە دڵێکی فراوانەوە سەرنج و ڕەخنەکانم وەربگرێت.

**سەرچاوە:**


1.تەنییایی. شێرزاد حەسەن.چیرۆک. ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان. ساڵی 1983.

السراب. نجيب محفو×. مكتبة م×ر. دار م×ر لل×باعة. ساڵی لەسەر نەنووسراوە.

James N.Frey. Wie man einen verdammt guten Roman schreibt. Emons Verlag. Köln. 1993.

2•گوڵی ڕەش. شێرزاد حەسەن. چاپخانەی تیشک. چاپی دوەم. 2003.

3.حەساروسەگەکانیی باوکم. شیرزاد حەسەن. چاپخانەی تیشک.چاپی سێهەم.ساڵی 2001. سلێمانیی.

---

*کاوە جەلال. لەتەک فێنۆمێنە ئەدەبییەکان. سلێمانیی. 2006. لاپەرە.99. ناوی چاپخانە نەنووسراوە.

4•پیرە پەپولەکانیی ئێواران. شێرزاد حەسەن. چاپخانەی تیشک. چاپی یەکەم. سلێمانیی.2004

ئادەمیزاد. محرم محمد امين. چاپخانەی کامەران. سلێمانیی. 1969.

5•پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان. شێرزاد حەسەن. چاپخانەی تیشک. چاپی یەکەم.سلێمانیی. 2001

6.خەونیی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن. دوو نۆڤلێت. شێرزاد حەسەن. چاپخانەی ڕەنج. چاپی یەکەم. 2006.

تەرمی نەناسێک. ئازاد بەرزنجی. کۆمەڵە چیرۆک. 2004. ناوی چاپخانە نەنووسراوە.

Die Verwandlung, Franz Kafka, Anaconda Verlag. Köln. 2005.

7.ئەحلام مەنسور. بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا. 1970_1980. چاپخانەی سەردەم. چاپی یەکەم. 1999. لاپەرە 153

8.عەتا قەردەداخی. گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع. چاپخانەی سەردەم. 2003. لاپەڕە 250

9.کاوەجەلال. لەتەک فینۆمێنە ئەدەبییەکاندا. 2006. ناوی چاپخانە نەنووسراوە. لاپەرە. 101 _102